رۆماننووسی لیبی ئیبراهیم کەونی:

# کاتێک بیابان لە راستییەکەی خۆی نامۆ دەبێت هەڵدەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتێکی روحی

دیمانە: خلود ئەلفەللاح
و: جومعە جەباری



لە شاری بەغدامسی لیبی ساڵی ١٩٤٨ رۆمانووس ئیبراهیم کەونی لە دایک بوو، ماجستێری لە زانستە ئەدەبی و رەخنەییەکان لە پەیمانگەی غۆرکی بۆ ئەدەبی جیهانی لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٧٧ بەدەست هێناوە. نۆ زمان دەزانێت و تا ئێستا ٦٠ کتێبی بەرهەم هێناوە

# لیبی ئیبراهیم کەونی

لە شاری بەغدامسی لیبی ساڵی ١٩٤٨ ڕۆماننووس ئیبراهیم کەونی لە دایک بوو، ماجستێری لە زانستە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان لە پەیمانگەی غۆرکی بۆ ئەدەبی جیهانی لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٧٧ بەدەست هێناوە. نۆ زمان دەزانێت و تا ئێستا ٦٠ کتێبی بەرهەم هێناوە، کارەکانی لەسەر چەند ڕەگەزێکی ئەدەبی بنیات دەنێت، گرینگترینیان جیهانی بیابانە و پێوەندیی بەبوونی مروڤ و قەدەرەوە. دەکرێت بڵێین کارە ئەدەبییەکانی زیاتر دەچێتە چوارچێوەی بواری ڕۆمانسییەتی نوێوە، کە تێیدا واقیع دەکرێت بەخەیاڵ یا نامۆ دەکرێت. تا ئێستا کۆمەڵێک خەڵاتی ناوداری وەرگرتووە، وەک: خەڵاتی دەوڵەت - سویسری ساڵی ١٩٩٥. خەڵاتی دەوڵەت - لیبیا ١٩٩٦. خەڵاتی لێژنەی یابانی بۆ وەرگێڕان، ساڵی ١٩٩٧. خەڵاتی هاریکاری فەرەنسی لەگەڵ گەلانی بیانی ساڵی ٢٠٠٢. لەگەڵ چەند خەڵاتێکی دیکەی بەنرخ، کە دووماهییان خەڵاتی گەورەی دەوڵەتی سویسری بوو لە بری بەرهەمە وەرگێڕاوەکانی بۆ زمانی ئەڵمانی کە کۆواری لیری فەرەنسی لە نێوان ٥٠ نووسەری جیهانی هەڵیبژاردبوو، ناوی لێ نابوون: "پەنجا کەڵە نووسەری دواڕۆژ" هەروەها خەڵاتی شێخ زاید بۆ کتێبی بردەوە لە خولی دووەمی بۆ ساڵی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨. بۆیە بەباشمان زانی ئەم دیدارەی بۆ وەرگێڕینە سەر زمانی شیرینی خۆمان. "وەرگێڕ".

*** لە جیهانی ڕۆماننووسیی کەونیدا هەست بەوتارێکی ئاراستەکراو دەکەین کە بەتەواوی نووسراوەتەوە، دوای ئەوە بەش بەش دەبێتەوە لە شێوەی کۆمەڵە دەقێکی دیکەدا ئەویش ڕۆمانەکانتن ئەمەش واتای ئەوەیە کە "واتا" هەموو جارێک دووبارە بنیات دەنرێتەوە، ئایا پێت وانییە ئەوە وا لە ڕۆمانەکانت دەکات هەموویان پێکەوە ببنە ڕۆمانێکی گەورە؟**

- ڕۆماننووس با سەد ڕۆمانیشی نووسیبێت، بەڵام لە دووماهیدا ئەو هەر تەنیا یەک ڕۆمانی نووسیوە. لە ڕاستیدا ئەوەش تەنیا لەسەر کاری ڕۆماننووسیدا قۆرخ نەکراوە، بەڵکو سروشتی هەموو کارێکی فلیڤانییە. واتا ئەمە نەریتێکە هەموو فلیڤانێک دەیگرێتە خۆی، جا ئەگەر پەیکەرتاش بێت یا شێوەکار، یان مۆسیقاژەن بێت. ئەمەش ئەوە

دەگـەیەنێت کـاری فلیـڤـانی بەسـەلیـقـە بنەڕەتیـیـەکـەی وابەسـتـەی مـەودایەکی گـشـتگیـرە لە دارێک دەکـات بەسترابێتە زەوییەوە لە ڕێی ڕەگێکەوە بەو تووڕەییە دەکات کـە لە ڕێگەیەوە خـۆراک دەخـوات، بەڵام دەوڵەمـەندیشـە بەکۆمەڵێک لق و پۆپ، بۆیە ڕۆماننووس ئەگەر بیەوێت باسی گرێی "بوون" بکات، دەبێت نەریتی بوون بگرێتە خۆی و پەنا بۆ بنکەیەکی نـەبینراو بەرێت، کـە ڕەگـەزێکی سـەرەکی ئەم بوونەیە، سـەرەڕای ئەوەی ئەم بوونـە دەوڵەمـەندە لە گـەشـتـە دیار و بەرچاوەکەیدا، کە ئێمە پێی دەڵێین میـتـافیـزیکیا و مەبەستمان ئەو ڕەگە بزرەیە لە تەلیسمی بووندا، ئەویش یا بەهۆی نەتوانینی زمـان کـە ناتوانێت گـوزارشت لە ئەو ڕاستییە غەیبییە بکات، یا بەهۆی ئەو نەزانینە نەمرەوە بۆ ڕاستییە نەمرەکان. ڕۆماننووسی ڕاستەقینە دەبێت لە بیری پڕ تـەلیـسم و تاریکی هەڵگۆزێت، چونکە ئەو مـەلەکـووتەی ئێمە خوازیارین، زۆر چڕتر و دەوڵەمەندترە لەوەی دەیبینین و هیچ دەسـەڵاتێکیشمان لە تەئویلکردنیدا نییە. ئەمە واتای ئەوەیە ڕۆماننووس بوونەوەرێکی میتافیزیکییە بەدڵسۆزییەوە هەوڵی کردنەوەی تەلیسمی ناسنامەی بوونی خۆی دەدات. واتا ئـەو بوونـەوەرێکی تێـڕامـانە لەم ئەزمـوونە، وشـەی تێڕامـانیش لێرەدا دەبێت واتای ئەوە ببەخشێت، کـە ئەو بوونـەوەرێکی ئاینیـیـە، ئەمـە ئەگـەر ئەم وشـەیەمـان لە فـەرهەنگی فـەلسـەفی و ئینتیـمـا بۆ پیـرۆزگـەی ئاینەوە وەرگێڕا، مـانای ئەوە نییـە ئەم زاتە کاری دابونەریتی ئاینی ئەنجام دەدات، بەقەد ئەوەی مانای ئەوە دەبەخشێت، کە ئەم زاتە لە ئەزموونێکی ئاینیدایە. ڕوحیش هەروەکو زانیـومـانە دووەم ناوی گۆنگ و تەمومژاوییە، کە بەکاری ئەوە دێت ببێت بەهاومانای ناوی میتافیزیکیا، سەرەڕای ئەوەی بەتەواویش

" ڕۆماننووس ئەگەر بیەوێت باسی گرێی "بوون" بکات، دەبێت نەریتی بوون بگرێتە خۆی و پەنا بۆ بنکەیەکی نەبینراو بەرێت "

" ڕۆماننووسی ڕاستەقینە دەبێت لە بیری پڕ تەلیسم و تاریکی هەڵگۆزێت "







**بیابانی من وەک واتایەکی وەرگێڕاو تەنیا هاومانای جیهان نییە، بەڵکو بۆ هەموو وجوودە، چونکە وجوود بریتییە لە بیابان**

ئەو واتایە نادات.

*** تۆ یەکەم ڕۆماننووسی لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا بیابانمان وەک روحێکی پیرۆز و بیرۆکەیەکی گەردوونی و کەشێکی پڕ لە دانایی پێشکەش دەکەیت، دوای ئەو کارانەی تۆ چیتر بیابان وەک دیاردەیەکی جوگرافی تەماشا ناکرێت، تەنانەت تۆ شتێکت دروست کرد پێشتر نەمان بینیوە و نەمان ناسیوە، باشە کام بیابان بیابانی تایبەتی تۆیە، ئایا جیهان سەرەڕای ئەو هەموو واتا تێکچڕژاوانەی هەمووی یەک بیابانێکە؟**

– بیابانی من وەک واتایەکی وەرگێڕاو تەنیا هاومانای جیهان نییە، بەڵکو بۆ هەموو وجوودە، چونکە وجوود بریتییە لە بیابان ئەگەر دووری بخەینەوە لە راستییەکەی، بەڵام لە ناخی خۆیدا "ئەگەر گوزارشتی عەمانوێل کانت وەرگرین" خاڵی نییە لە واتا، واتا ئەو رووە نەناسراوەکەی دیکەی بیرۆکەی بیابانە، نەک بەو چاوەی خەڵک تەماشای پێ دەکەن، بەڵکو بەو شێوەیەی من لە کارەکانمدا پیام هەڵداوە. واتا وەک کانییەک لە بیاباندا ناوی جیهانە، وەک روحێک لە جەستەیەکدا ناوی جیهانە، وەک بوونێک بۆ بوونی جیهانە ونبووەکە. تەنانەت ئەگەر ئەو رۆژەش بێت، کە جیهان تێیدا ون ببێت، ئەوا بیابان دەبێتە میراتگری جیهانەکە، نەک میراتگری کەلاوەکان، بەڵکو وەک رزگارکەری جیهان لە دەست قەدەرەکەی خۆی، چونکە دووبارە جیهان لە خۆڵەمێشەکەیەوە زیندوو دەکاتەوە.

بەڵێ، جیهان یەک بیابانێکی نەمرە، جەوهەرێکی داپۆشیوە، بەڵام ئەم بیابانەی جیهان لە رواڵەتەکەیدا تەنیا یەک بیابان نییە، بەڵکو چەند دەمامکێکی پۆشیوە، ئەو بیابانە ناسنامەی جیهانە ونبووەکەیە، ناسنامەی روحی جیهانە، ئەو جادووەیە، کە دەبێت جیهان

هانای بۆ بەرێت ئەگەر بیەوێت لە کۆڵ لەعنەتی نامۆبوونی خۆی ببێتەوە، چونکە بیابان هەردەم نیشتمان بینینە ئاسمانییەکان بووە بەگوێرەی رووبەرت مۆزێل بەهەشتی ئازادییە، ئەو ئازادییەی بووەتە لە جیاتی بەهەشتی یەکەم، لەبەر ئەم هۆیە ئێستا ئەو بووەتە هاومانای ئەنجامێک ناوی راستییە.

*** لە کارەکانتدا جۆرە سەرسڕمانێک و باوەڕییەک بەتوانا و جوانی و تەنانەت بەترسناکی زمانێکی سادە هەیە، بۆیە دەبینین زۆر پێوەندی بەدەنگەوە هەیە، ئایا ئەوە پێوەندیی بەجیهانە سەرەتاییەکانەوە هەیە، کە کەونی باسی دەکات و جیهانێکە لە نووسین بەتاڵە، وەک بڵێی دەتەوێ رەگ و رەچەڵەکی زمانەوانییەکان بگەڕێنیتەوە بۆ هەموو گوزارشتەکان؟**

– لە رەخنەکاندا پێم دەڵێن، جا چ رەخنەی عەرەبی بێت یا ئەوروویی، کە زمانی رۆمانەکانم، زمانی دەقە پیرۆزەکانە، منیش دەڵێم ئەوە زمانی ئەفسانەیە، لە راستیشدا زمانی ئەفسانە بەدەر نییە لە زمانی دەقە پیرۆزەکان. بۆیە پێم باشترە ناوی لێ بنێین زمانی وتاری بیابانی. وتاری بیابانیش مافی خۆیەتی ئەفراندن بۆ زمانییە دەگمەنەکەی خۆی بکات. زمانە بەرەڵلاکەی بەڕوحی دروستبوون، چونکە بنەمای ئەم دروستبوونەیە. چونکە زمەنیش بەبارە فراوانەکەیەوە، زەمانێکی وجوودی نییە، بەڵکو زەمانێکی ئەفسانەییە. زەمانێکی پێکهاتەییە، ئاینییە، بۆیە زمانەکەی زمانی ستاتیکایە، مەبەستم ویژدانییە، یان راستتر وایە بڵێین ئاوازییە. ئەم بابەتە ئاوازییە، تەنیا سیمای وتارە سەرەتاییەکان نییە، بەڵکو ئمتیازی وتاری داستانییە. ئەم وتارە هەڵگیراوەی لە تاریکاییەکانی

**"جووتکردن تاوانێکە بۆمان نییە رەتی بکەینەوە، سەرەڕای ئەوەی دەبێت هەر ناڕەزایی لە ئاستیدا دەربڕین"**

**"پاکی بەتەنیا لە رۆماندا دادنادات، چونکە پاکی دەتوانێت تەنیا پیرۆزی ببەخشێت، پیرۆزیش دوژمنی رۆمانە"**

**"فلیڤانیش لە روحی ئەو کەشەوە دروست دەبێت. لە روحی منداڵییەوە دروست دەبێت"**

زەمەندا بۆیە ئەستمە گوزارشت لە راستییەکەی بکەین.

*** ئایا وشەی خێر و شەڕ، زەوی و ئاسمان... هتد، ئەمانە کانگەی فلیڤانی تۆن؟**

– جووتکردن تاوانێکە بۆمان نییە رەتی بکەینەوە، سەرەڕای ئەوەی دەبێت هەر نارِەزایی لە ئاستیدا دەربڕین. بۆمان نییە رەتی بکەینەوە، چونکە هۆی بوونی دنیاییمانە، ناشتوانین نارِەزایی دەرنەبڕین، چونکە نامۆبوونە لە راستییەکەمان. نامۆبوونە لە ناسنامەی روحیمان، ئەو نامۆبوونەی لە دەرەنجامی گۆشەگیریمان لە ناخماندا دروست بووە، نەک لە پرنسیپی بوونمان وەک جووت، واتا وەک جەستە. فیساغۆرییەکان کاتێک جووتبوون لە ژمارەدا رەت دەکەنەوە، بۆ ئەوەیە راستیی میتافیزیکی متبوو لە تاکدا گەورە بکەنەوە، لە ئاست ئەو تاوانەی لە جووتبووندایە. ئەزموونی ئەو دنیایە وەک کردارێکی تاوانبار تەنیا لە وێنەی خودی ململانێی جووت دەچێت. ئەو ململانێیەی کە بنەمای جەدەلییەتی دادەمەزرێنێت، هیچ رۆمانێکیش ناتوانێت پاساو بۆ بوونی خۆی بێنێتەوە تەنیا ئەگەر بەم ئەزموونەدا بچێتەوە و رێ و شوێنی شانۆی گرتەبەر. پاکی بەتەنیا لە رۆماندا دادنادات، چونکە پاکی دەتوانێت تەنیا پیرۆزی ببەخشێت، پیرۆزیش دوژمنی رۆمانە، چونکە هەڕەشەی لێ دەکات ببێت بەپەیامبەر، لەجیاتی ئەوەی روحی شیعریی وەبەربنێت، یا ئاگری ئەژدیهای سۆز لە نێویدا هەڵگیرسێنێت. ئەمە هەمووی پێگڤە وا دەکات، کەشی سەرەتایی دروست ببێت، وەک بەدەنگەوەچوونی ئەو بانگەوازە وجوودییە منجرِە. کەشیش لە دەمی سیحربازەکەوە "شاعیر" دێتە دەر، وەک رزگارکەرێک لەو میحنەتە. فلیڤانیش لە روحی ئەو کەشەوە دروست دەبێت. لە روحی منداڵییەوە دروست دەبێت "سحرباز لە زەمەنی دروستبووندا هەردەم منداڵە" بۆ ئەوەی شکۆمەندی بۆ ئەم جیهانە نەخۆشە بگەڕێنێتەوە. کەواتە منداڵی لە ژیان زیاتر هیچی دیکە نییە، نەک ژیان بەمانای دنیایی، بەڵکو بەمانای وەک راستییەک. بۆ من وەک دەردی دەردان بوو، لەو رۆژەوەی چاوم بەم ژیانە رووتەدا کرایەوە. ئەگەر بڕوامان بەوە هێنا کە سروشت ئەگەر لە راستییەکەی خۆی نامۆ بوو هەڵدەگەڕێتەوە بۆ روح. روحیش ئەگەر لە راستییەکەی نامۆ بوو هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سروشت. کەواتە مەنتیقییە ئەگەر بیابانی نامۆبوو لە راستییەکەی وەک سروشتێک، هەڵگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتێکی روحی، هەر کەسێک قەدەر فرێی بداتە ئەوێ هەستی پێ دەکات.